عیسا حوسێن

مەمکوژن

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

شیعر

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

م ە م ك و ژ ن

مەمکوژن

شیعر

.....

عیسا حوسێن

٢٠٢٥

- ناوی کتێب: م ه م ك و ژ ن (مەمکوژن)
- بابەت: شیعر
- شاعیر: عیسا حوسێن
- هەڵەچنی: شاعیر خۆی
- نەخشەسازی بەرگ و ناوەرۆك: سەید ئارام
- تابلۆی بەرگ: لە ئەنتەرنێتەوە
- نرخ : ( ) دینار
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- چاپخانە: تاران
- قەوارە: ١٣ * ٢٠ سم
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٢٨٨) ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە

ئەزمڕ

من و ئەزمڕ لەیەکتر دەچین
ئەو... هەمیشە
تەم دەورەی داوە
منیش خەم
ئەو... لەوەتەی هەیە
عاشقی (سلێمانی)یە
منیش تۆ...!!!

سلێمانی
٢٠١٩/٣/٣١

سەفەر

(بۆ شاعیری ناسراوی رۆژهەڵات هاوڕێم جەلالی مەلەکشا)

ئەمشەو...
لەسەر ترۆپکی (ئاویەر)ەوە
لای (تاقەدار) وەستاوم و
دەڕوانمە جەستە راکشاوەکەی سنە
کۆتری ئیلهامم شپرزەیەو
کوچە بە کوچەی شار دەگەڕێ
گەرەکییەتی...
جەلالی مەلەکشا بدۆزێتەوە و
وەکو جاران بەگوێچکەما بچرپێنێ و بڵێ:

((ئاخۆ رۆژە بێ
کاوەی کوڕم جانتای سەفەر کاتە شانی
دەڵاڵانی
بەر گاراژی شاری سنە
هاوار بکەن ..
سلێمانی سلێمانی...))

سنە
٢٠١٩/٧/٣

ژوانی شیعر

لەنێو هەورە ڕەشپۆشەکانی
ئاسۆی بەرفرەوانی خەیاڵ
دڵۆپ دڵۆپ بارانی وشە دەدۆزمەوە
لە کۆڵانە تەسکەکانی وشەش
ژوان لەگەڵ قەڵەمێکی بێتاقەت و
کاغەزێکی غەمبار و
بیرۆکەیەکی گەنج دەگرم
لەو ساتەدا...
شیعرێك لە دایك دەبێ
وەك تۆ جوان و
وەك من عاشق...!

کرماشان
٢٠١٩/٧/٦

گلەیی

چەند دەستم
بۆ سینگ و بەرۆك بردووە
هەزار هێندەش
گلەییم لەپەنجەکانم کردووە
کە نەیانتوانی
مەمکی ژنێکی ڕاستگۆ و
مەمکی ژنێکی درۆزن
لەیەکتری جیابکەنەوە...!

هەولێر
٢٠١٩/٨/١٥

بۆ ژنێکی بەغدایی

دەڵێی لەگەڵ ئیلهامێکی زەهاویدا
لەدایك بوویت و
لەناو بێشکەی غەزەلێکی ڕەسافیدا
گەورە بوویت
ئاخر کە بەشەقامی ڕەشید و موتەنەبی
شۆڕدەبیتەوە
ڕووبارێ شیعرت لێدەڕژێ و
ماسییەکانی ئەبوونەواس
دانە دانە دەبنە وشە و
دیجلەش قەسیدەیەکی درێژ درێژ ..!

بەغدا
٢٠١٩/٩/١٩

منالێکی رۆژاوا

ویژدان .. چۆن رۆحی نایەتەوە بەر!
کەشکەڵانی فەلەك .. چۆن نالەرزێ!
مافی مرۆڤ .. ئەگەر هەیە!
چۆن ماڵی بێدەنگیی جێناهێڵێ!
کاتێك منالێکی رزگاربووی
ژێر داروپەردووی باڵەخانەیەك
کە بەدەستی خەلیفە وێران بووبوو
رووەو ئاسمان
پڕ بەدەم هاواری دەکرد:
((خودایە کەی سەردانێکی ڕۆژاوا دەکەیت..
خودایە ؟؟!))

هەولێر
٢٠١٩/١٠/١٢

تەنووره

((لەناو بازاڕی تەیراوە
لەپڕ تەنووڕەی ژنێکم
هەڵدایەوەو... هەڵاتم
نەکەی بەپۆلیس بڵێی
نەشیکەی بەشیعر...!))
کەمێك پێش ئێستا
(با)یەك بەدەم ڕاکردنەوە
ئەمەی پێ وتم...!

هەولێر
٢٠١٩/١٠/٣١

وەرزش

پێم دەڵێی وەرزش بکە
ئەی ئەوە نییە!!!
پەنجەکانم بەیەکەوە
بوونەتە تیمێکی شاخەوانی و
ڕۆژانە بەچیاکانی سینەتا
سەردەکەون...!!!

کۆیە
٢٠١٩/١١/٤

ماچ

بەڵێنت دا کە بێیتە ژوان
لەنێوانماندا تەنها ماچ
بەوەلەد ببێ
بێئاگا لەوەی لەپاییزاندا
ماچ ئەتواری ڕەشەبای هەیە
دوای خۆی
درەختی جەستە
ڕووت ڕووت دەکاتەوە...!!

هەولێر
٢٠١٩/١٢/٥

تابلۆ

دره‌ختێك بۆی باسكردم
له‌ژوانی دوێنێ شه‌وی پاركه‌كه‌دا
سه‌ركه‌وتنی په‌نجه‌كانم
به به‌رزاییه‌كانی سینه‌و
شڵپه شڵپی ماچ و
تێكئاڵانی جه‌سته‌و
رووباری پڕ له‌چێژیی ده‌ستبازییه‌كانمان
دره‌ختێكی شێوه‌كار بینیویه‌تی و
هه‌ر هه‌موویانی كردۆته تابلۆیه‌ك
گه‌ره‌كییه‌تی له ڕۆژی ڤاڵانتاین و
له‌پیشانگه‌یه‌كی گه‌وره‌دا
نمایشی دارستان و دنیای بكات...!

هه‌ولێر
٢٠٢٠/١/١

ژوان و بەفر

ئەم ئێوارەیە
سلێمانی لەگەڵ بەفرا ژوانی هەیە
منیش لەگەڵ تۆ...!
شەو ڕاشکا
ئەزمڕ و گۆیژە تەسلیمی بەفر بوون
چیاکانی سینەشت
تەسلیمی پەنجەکانم...!

سلێمانی
٢٠٢٠/١/٢١

چاو لە ڕێ

من و سلێمانی
هەردووکمان دیدارمان هەیە
سلێمانی چاوەڕێی هاتنی بەفرە
منیش هاتنی تۆ...!

سلێمانی
٢٠٢٠/١/٢٢

لەگەڵ تۆ

هەموو شتێ خۆشە لەگەڵ تۆ
پێکەنین...
گریان...
شایلۆغان...
شین...
پاشەکەوت و دواکەوتنی مووچە...
قەدەغەی هاتوچۆ...
نەخۆش کەوتن...
کەرەنتینە کردن...
کۆڕۆنا گرتن...
تەنانەت مردنیش...!!!

هەولێر
٢٠٢٠/٣/١٧

پۆلیس

(بەئیجازەی قوبادی جەلیزادە)

هەرچی پۆلیسی سلێمانی و هەولێرە
بەدوای رەشەبایەکەوەن
کە گوایە...
بەقاچاغ لەئێرانەوە هاتووە
گیرفانی پڕاوپڕە لەکۆڕۆنا
لەزەرگەتە بێوەژنێکی ماچ کردووە
لەسەر پردی (سەیداوە) و
لەناو بازاڕی (کوران)یش
خۆی لەسینگ و بەرۆکی ژنانەوە خشاندووە ..!

هەولێر
٢٠٢٠/٣/١٩

شیرینی

لەناو ئەو هەموو (تاڵی)یەی
- سیاسەت و
- ئیدارەدانی سەقەت و
- گەندەڵیی و
- ولّاتفرۆشیی و
- نەوتدزیی و
- قەدەغەی هاتوچۆو
- بەزۆر لەماڵ مانەوەو
- ڤایرۆسی کۆرۆناو
- مەرگی بەر دەرگەو
- وەستانی سەراپای گۆی زەوی...!
تۆ ئەو هەموو شیرینییەت لەکۆێ هێناوە..!
هەی شەکرەژن...!!!

هەولێر
٢٠٢٠/٣/٢٤

حیکمەتی خوا

خوا هەندێ کار دەکات
هەرچی....
-ئەستێرەناس و
-فەلەکناس و
-خەون لێکدەرەوەو
-زاناو
-داناو
-مەلاو
-مەلای دوانزە عیلم هەیە
سەریان لێدەرناچێ..
بۆ نموونە ئەو هەموو جوانییەی تۆ...!!!

هەولێر
٢٠٢٠/٣/٣٠

ئەفسەری لێکۆڵینەوە

لەژیانما....
بەقەلەرەشێکم نەوتووە
دەنگت ناخۆشە
کە لە خەوێکی شیرین رایچڵەکاندووم
بە کەڵەشێرێکم نەوتووە
دەك ملت بەبڕین چێ
دڵم نەهاتووە
نزا لەمێشوولەیەك بکەم
کە پێوەی داوم
قەت تیغم بۆ ملی باڵندەیەکیش نەبردووە
ویژدانم قەبوولی نەبووە
هەرگیزاو هەرگیز تامی گۆشت بکەم
ئاژەڵێ لەبەرچاوما سەربڕابێ
تاعەیامێك چاوەکانم
بوونەتە کانیی فرمێسك
فیلمێك... چیرۆکێك... شیعرێك

سەدان شەو گریاندوومی
لەوەتەی هەم
هاوڕێی ئاراممییم
***
بەس ناسکەژن...
گەر تۆ ئەفسەری لێکۆڵینەوە بیت و
منیش گومانلێکراوێکی بێتاوان
دڵنیابە....
ئەوا هەرچی دزی کراوە
هەر لەدەرزییەکەوە تا وڵاتدزین
هەرچی جەنگە... کە هەڵگیرساوە
هەر لە جەنگی یەکەم و دووەمەوە
تا قوونە شەڕی کۆڵانان
هەرچی کوشتنە
هەر لە قابیل و هابیلەوە
تا دوا دڵۆپی خوێن کە رژاوە
دانی پیادەنێم
هەر هەموویان من کردوومن...!!!

هەولێر
٢٠٢٠/٤/٢٤

کۆڕۆنا

بەشێنەیی بۆ پیاسەیەکی دنیا کەوتەڕێ
بەگۆی زەوی وت:
بوەستە... هەی لەهەموو شتێ بێ ئاگا
پەلەت چییە .. هێندە خێرا دەسووڕێیتەوە
لەرووی فیرعەونەکانا وەستاو
چەکە ئەتۆمییەکانیانی خستە ژێر پێ
دەستی مەرگی گرت بۆ بەر دەرگا
باڵی فرۆکەی قفڵ داو
نووشتەی لوولدراوی زانست و
تەکنۆلۆژیای بەتاڵ بەتاڵ کردەوە
بەیاننامەی بەسادەییکردنی ژیان و
هاورێیەتی خۆی و سروشتی راگەیاند
کۆڕۆنا لەجیهانا کەس ناناسێت

بێ ئەسڵ و فەسڵ و بنەچەیە..!!
منیش ناناسم
بەس دەزانم .. لەنیشتمانی من
ئامۆزاو خزمی نزیکی مووچەیە...!!

هەولێر
٢٠٢٠/٥/٣

باڵاپۆش

من عاشقی بێوەژنێکم
کەدێتە لام
لەژوان و لەم سەرسووچە...!
دوگمەکانی یەخەی
توند توند دادەخات
نەبادا خەتی مەمکی دەرکەوێ
نەك هەر سینگی
سەراپا خۆی باڵاپۆش کات
من هەر بەرووتی دەیبینم
بێوەژنی چیییییی...
تازە کچە...!

هەولێر
٢٠٢٠/٥/١٠

ئاشتکردنەوە

ئەمڕۆ هێندەی پەپوولەیەك
رقم لەرەشەبایەکی خوێری بۆوە
کاتێك لەبناری گوێژە...
دەستی لەقژی درەختێ نابوو
خەریکبوو بەدوای خۆیا رایدەکێشا
بۆ ئەوەی ئاشتم کاتەوە...
هەر ئەو (با)یە لەکانێسکان...
تەنوورەیەکی لەبەردەمما هەڵدایەوەو
دووگمەی سینەی ژنێکی بۆ ترازانم
بەهەولێرییانەش پێی وتم:
(ها کوومە لۆت...!)

سلێمانی
٢٠٢٠/٥/٢٧

هاوۆڵاتی نمره (نۆ)

که رووبارەکانی فرۆشرابن و
ئاو هەندێ گەڕەك پێ نەزانێ
ناحەقمە...
چاوی ناسکەژنێکم
لەکانییەکانی نیشتمان خۆشتربوێ.. !
چیاکانیشیان لەسەر خۆیان تاپۆ کردبێ و
که هەرچی بەرزایی و بناری شاخ هەیە
لە سەرکردەو بەرپرس مارەکرابن
ناحەقمە...
مەمکی شەکرەژنێکم
لەگردەکانی نیشتمان پێ جوانتربێ.. !
که من تێیدا هاوۆڵاتیی نمره (نۆ)بم
که سۆزی بۆ من نەبووبێ و
بۆ ساتێکیش دڵنەوایی نەکردبم

لەشارەکەی خۆم میوان و نامۆبم
بۆ بێگانان بەسۆزتربێ
ناحەقمە...
بەژنی شۆڕەژنێکم
لە سەدان کۆشك و تەلارو باڵەخانەی نیشتمان
پێ بەرزتر بێ.. !
کە ئاسایش و پۆلیس
هەمیشە تفەنگی سیناریۆیان سواربێ
بۆ کوشتنم
سەروبچمیان رۆژ لەدوای رۆژ بەسامتربێ.!
ناحەقمە...
باوەشی تەنکەژنێکم
لەهەموو کوجەو کۆڵانێکی نیشتمان
پێ ئارامتربێ...!
ئاخر خۆی..
هەر نیشتمان خۆی پێی وتم:
کاتێ لەکۆتا رۆژی یەکێ لەمانگەکانی ساڵدا
خۆتان منتان دایەوە دەست جەللادێك و
وەکو کەنیزەك

بۆ پەنجا ساڵ منتان فرۆشتە خەلیفەیەك
من هەر ئەوكات لەنیشتمان كەوتم
ئیتر ئێوە بیڵێن
ناحەقمە
باڵای بێوەژنێكم
لەباڵای نیشتمان پێ زراڤتربێ...!!

هەولێر
٢٠٢٠/٦/٤

نەفخی سوور

کەپێکەنین ئێکسپایەر بووبێ و
خەم حاکمی دنیابێ
کەشەهید پەشیمان بووبێتەوەو
وڵات شکۆی شکابێ
کەنیشتمان...
رووزەردو سواڵکەری جادەکانی بەغدابێ
کەخەون بکوژرێ و
رەشەبا سندم بکرێ و
قەڵەم بێتاقەت بێ و
ئازادیی زیندانیی بکرێ
کاغەزیش بەوشە سکپڕ نابێ
ئەم گۆی زەوییەش...
ڤایرۆسێك بەڕێوەی بباو

دیلی دەستی کۆڕۆنابێ
خودایە .. تۆش دووراودوور
لەبەرچی وەستاوی...!
بۆچی نەفخی سوور لێنادەی
نەفخی سوور... ؟!

هەولێر
٢٠٢٠/٦/١١

رق و ئیرەیی

من دوو گیرفانم هەیە
گیرفانێکم
خاڵی خاڵییە لەبوغزو کینە
رقم لەهیچ کەس و شتێ نابێتەوە
تەنهاو تەنها حکومەت نەبێ....!
گیرفانەکەی ترم
پڕاوپڕە لەقەناعەت
ئیرەیی بەهیچ کەس و شتێ نابەم
تەنهاو تەنها ماسکی دەم و
قایشی خۆبەستنەوەی
ناو ئۆتۆمبێلەکەت نەبێ...!

هەولێر
٢٠٢٠/٦/١٨

هەژار

- خانەوادەیەکی خانەدان
- کچ و کوڕ
- خانووی گەورە
- ئۆتۆمبێلی بەرزو دوامۆدیل
- زەوی زۆر
- شووقەو ئاپارتمان
- بڕوانامەی بەرز
- ناوبانگ و شووهرەت
- چەندین دیوانەشیعری ناسك
- باخ و مەزرەعە
- پلەو پۆست

- پاسەوان و حیمایە

هەر هەموویم هەیە...!!

مادام تۆم نییە

من هەژارترین مەخلووقی

سەر ئەم گۆی زەوییەم...!!!.

هەولێر

٢٠٢٠/٦/٢٥

چیبکەم .. خودایە

رۆح...
چۆن بتوانێ لەکەنارێ لەنگەر بگرێ
ئارامیم...
چۆن ماڵی سینە بدۆزێتەوە
لەکاتێکا...
لەرۆژاوا
چاوێکم وا کوێر ئەکرێ...!
لەرۆژهەڵات
دەستێکم لەژێر رەحمەتی تەورایە...!
لەباکوور
قاچێکم سندم دەکرێ...!
لێرەش لەسایەی دزەکانی خۆمان
(سی)یەکم ژەهری تێدەچێ...!
ئاخر من بەتاکە چاوێك و

بەتاکە دەستێك و
بەتاکە سیێك و
بەتاکە قاچێك لەم باشوورەوە
چیبکەم.... خودایە

هەولێر

٢٠٢٠/٧/٢

پێویستی

بۆ بینین و وێناکردنی جوانی و
بۆ سەرکەوتن بەسەر گردەکانی سینەی و
بۆ پیاسەکردن لەتەك زراڤی باڵای و
بۆ بیستنی دەنگە ناسکەکانی و
بۆ دەربڕینی هەست و سۆز
بۆ ئەم شۆڕەژنە....
خودایە...
بۆ من
دوو چاو و
دوو دەست و
دوو قاچ و
دوو گوێ و
یەك زمان
زۆر کەمە... زۆر..!!

هەولێر
٢٠٢٠/٧/٩

چك كردن

كه تۆ عەشقت سەرچاوەبێ
من رووبارى وشەم درێژ درێژە
لە(نيل)يش درێژتر
كه تۆ گڕكانى ئەوينى من
لەژێر چياكانى سينەتابێ
بوومەلەرزەى ئيلهامم
سۆنامييەو
هەر چالاكەو ئارام نابێ
تا جوانتر باخچە رازاوەكەى سينەت ببينم
ئاپارتمانى شيعرم
هێندەى باڵاى هەور
بەرز و بەرز و بەرزتر دەبێ

كه تۆ نەبیت
نەك وشەو
ئیلهام و
شیعر
تەنانەت خۆیشم چك دەكەم..!

هەولێر

٢٠٢٠/٧/١٦

نەهات

ئێوارەیەکی پایز
لەژێر هەیبەتی دارەکانی(هەیبەت سوڵتان)
کە سینگت بۆم رووت رووت کردەوە
نەهاتبوو بۆمان... .
لەملاوە درەختە شەرمنەکان
سەرو قژی خۆیان دەڕنییەوە
دەیانویست گەڵاپۆشت کەن
لەولاشەوە نەسیمێکی رێبوار
کە گیرفانی پڕکردبوو لەباوبۆران
خۆی لێکردین بە رەشەبایەکی خوێڕی و
دەواری ژوانەکەی لێ تێکداین
لێنەگەڕا چیتر لەنێوان لێوەکانما
ماچ بەوەلەد ببێ
لەرقانیشا ...
تابەیانی نەیهێشت کۆیە بنوێ.. !

کۆیە
٢٠٢٠/٧/٢١

پەخشانە شیعر

شێرکۆ بێکەس بەخۆی و بەجگەرەکەی دەستی و
جانتایەك پڕ لەهەست و
پر لە وشەو
پڕ لەشیعری تازەوە
بەلاما تێئەپەڕێ و
پیاسەیەك لەگەڵ (با)یەکی بێتاقەت ئەکا
دەست لەملانێی شنەیەکی بەیانیان ئەبێ
کە ون ئەبێ...
ئەڵێن سەردانێکی چایخانەی شەعب ئەکا
هەندێکیش ئەڵێن
لەهەڵەبجە .. لای عومەری خاوەرو
کۆرپەکەی باوەشی بینیوویانەو
لە(کانی عاشقان)یش مژێکی بەقەد

قوولّی خەمی کورد لەجگەرەکەی داوە
لەناو باخەکانی(عەنەب)یش تفێکی مزری
لە (سێو)و لە (شازدەی سێ) کردووە
کە ون ئەبێ...
لەخانەقین .. بینیوویانە
لەکەناری ئاوی ئەڵوەن
لەگەڵ (خودادا عەلی) بەیەکەوە گۆرانیان چڕیوە
کە ون ئەبێ...
چەند شایەدحاڵێك بینیوویانە
لەدەروازەی ئامێدی لەگەڵ (عیزەت عەبدولعەزیز)
هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاوەو
هەرلەوێش گۆرانی
(دایێ وەڵات شیرینە.. بابۆ وەڵات شیرینە..)ی
تەحسین تەهایان بەیەکەوە وتۆتەوە
جارجارەش کە ون ئەبێ

لە کەرکووك لەچایخانەی (مەجیدیە)
لەگەڵ عەلی مەردان بەدەم گوێگرتن
لەقەتارو ئەڵلاوەیسی
بەتامی پێکێك چایەکی خەستی هەڵداوە
ئەڵێن جارێکیش
لەهەولێر... سەردانی
(عەبدولخالق مەعرووف)ی هاوڕێی کردووە
لەبەغداش لەحەیدەرخانە
لای (بەشیر موشیر) بینیوویانە و
شیعرێکی تازەی هەر بەناوی ئەوەوە نووسیوە
کە لە ئارامگەکەی خۆی ون ئەبێ
بینیوویانە
لە فلکەو لەژێر پەیکەرەکەی حاجی ..
بەژنێکی شۆخی وتووە
((هێندە جوانی گەر لەشاران شار بوویتایە
من دڵنیام کۆیە دەبوویت...))

من خۆم دیوومه که لێره بێ
شیعر قافڵه قافڵه دێن بۆ لای و
هەواڵی برایم پاشاو کانێسکان و زەرگەتە و عەقاری
و تووی مەلیك و مەڵکەندی و
سابوونکەران و مەجیدبەگ و
هەواڵی ئەسحابەسپی و دارەسووتاوەکەو ژێر
پردەکەو حاجی حان و باغی سەعیدبەگ و
سەرتاپای سلێمانی بۆ دەهێنن!!!...
هەموو ئەمانە
لەناو گوڵزارەکانی پارکی ئازادی
پەپوولەیەك کە رەشەبایەکی بێویژدان
باڵەکانی شکاندبوو
بە چەند خوولەکێك بەرلەوەی گیانی دەرچێ
بۆی گێڕامەوە

سلێمانی
٢٠٢٠/٧/٢٦

هاتن

هەموو بەیانیان
کە رۆژێکی تازە هەڵدێ
خۆر...
رووناکیی...
دەوام...
شنەبا...
خەم...
مەینەتیی...
ژان...
ماندوێتیی...
هیلاکیی...
بێتاقەتیی...
هەواڵی ناخەهژێن...
جگەلە تۆ....
هەر هەموویان دانە دانە دێن...!

سلێمانی
٢٠٢٠/٨/٤

ئاسوودەیی

جار جارە رەشەبایەکی خوێریی
کە لەبناری ئەم شاخانەوە دێ
تا کەنارەکانی شکان
یاری بەلقەکانم دەکا
یان پاییزێکی مێباز
دەستێك بەگەڵاکانما دێنێ و
رووت رووتم دەکاتەوە
تەنها ئەوکاتانە نەبێ ئاسوودەم
کە رەشەبا خەوتووە
یان پەپوولەیەکی بێ حەوسەڵە
بەسەرما دەنیشێتەوە
یان پەنجەی شنەبایەکی شەرمن
بەناو قژی گەڵاکانما دێت و دەڕوا

یا بۆ ساتێ دەبمە چەتری دوو ئەویندار
گوێچکەم زاخاوی پەیڤەکانی عەشق دەبێ
ماچ لەباڵام دەئاڵێ
خۆزگە بەنەمامیی خۆم دەخوازم
دەبمە تاڤگەیەك لە لەزەت
چێژ دەبێتە خۆراکی رەگەکانم....!
ئەمە درەختێکی بەژن باریك
لە لێواری چۆمی (گادەری)
لەنێوان شنۆ و نەغەدە
کە بۆ جگەرەکێشانێك میوانی سێبەرەکەی بووم
ئاوای بۆ باسکردم...!

هەولێر
٢٠٢٠/٨/١٣

قاوە

کە دێمە ژوورەکەت
لەفنجانەیەکی کورتەباڵادا
قاوەیەکم بۆ تێدەکەیت
قاوەیەك...
بەقەد خەمەکانم تاڵ
بەقەد رۆژە خۆشەکانم کەم
بەقەد خەیاڵەکانم خەست
بەقەد فرمێسکەکانم گەرم
قاوەیەك هێندەی قاپێك ئۆزۆی دوازدە
مەستم دەکا....
دە جارێکیش خۆت لەگەڵ
ئەم قاوە پیرەدا

پیاسەیەك بەكۆڵانەكانی ناخما بكەو
بەسەر فەرشی سووری رۆحدا بڕۆ
سەردانی ماڵی دڵ بكەو
لەسەر رایەخی وەفادا پشوویەك بدە...!

هەولێر

٢٠٢٠/١٠/١٥

دواجار

کانی منالّیی چەمەو
چەمیش گەنجێتیی رووبارەو
رووباریش کەپیر بوو
دواجار دەچێتەوە مالّی دەریا
شۆڕەژن....
تۆ لەیەك کاتا...
کانی و چەم و رووباریشی
دلّی منیش دەریا...!!.

هەولێر
٢٠٢٠/١٠/٣٠

عاشقبوون

که هەستت کرد...
گۆچانت لەباڵای تفەنگ پێ جوانترە
که هەستت کرد...
کوچەو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی ئاشتی
لەکۆشکە رازاوەکانی شەڕ ئارامترە
که هەستت کرد...
هەر چوار وەرزەکەی ساڵ بەهارە
که هەستت کرد...
هەرچی گردو چیا هەیە
جوانیان لە مەمك دزیوە
که هەستت کرد...
زمانی باڵندە دەزانیت
که هەستت کرد...
باڵای قەڵەم

لەکەڵەگەترین باڵەخانەی دنیا بەرزترە
کە هەستت کرد...
هەموو ساراکانی گۆی زەوی
بوونەتە باغ و گوڵزارەکانی ئیرەم
کە هەستت کرد...
جەنگ جوانەمەرگ بووەو
هەموو رێگەکان دەچنەوە شاری ماچ و
راستەشەقامی خۆشەویستی و
ماڵی عەشق...
کە هەستت کرد...
فریشتەکانی مردن لەمۆڵەتن و
ژیان مۆری ئەبەدییەتی لێدراوە
کە هەستت کرد...
بەهەشت لێرەیە نەك لەو دنیا
دۆزەخیش درۆیەکی گەورەیە
کە هەستت کرد...
درەختیش ئەویندارە
کە هەستت کرد...
رەشەباو پەپووڵە

تەورو دار
تا هەتایە ئاشتبوونەتەوە
کە هەستت کرد...
شەویش جۆرێکی تر لەروواناکیی
کە هەستت کرد...
بوویتە هەڵم و
رۆژ لەدوای رۆژ بەرز دەبیتەوە
سات لەدوای سات
لەو بەرزییەوە
دارو...
بەردو...
رووبارو...
چیاو...
دۆڵ و...
سەرتاپای سروشت بەجوانی دەبینی
ئەوا دڵنیابە عاشقیت و
بوویتە بەشێك لەنووری خوا...!!!

هەولێر
٢٠٢٠/١١/٥

جەنابی سەرۆك

كە لە فرۆكەخانەی دڵم دابەزیت
پیت چەپكێ گوڵی بۆ راگرتی
وشە فەرشی سووری بۆ راخستی
شیعر پێشوازی لێكردی
خەیاڵ بۆت كەوتە سەما
رۆح بەشەقامە جوانەكانی پایتەختی هەست و
بەباڵەخانە هەوربڕەكانی سۆزدا
پیاسەی پێكردی
ئاخر... شۆڕەژن...
تۆ وەكو سەرۆك
هاتی بۆ وڵاتی دڵ
نەك پەناهەندەیەكی راوەدوونراو...!!!.

سلێمانی
٢٠٢٠/١١/١٨

ئەدرەس

کە هاتیەوە
لە کەس مەپرسە
زۆر ئاسانە... دۆزینەوەم
-ولاتی عەشق
-شاری وشە
-شەقامی خەیاڵ
-گەڕەکی هەست
-کۆڵانی سۆز
-خانووی سێ نهۆمی شیعر
ئەمە
ئەدرەسی تەواوی ئێستای ماڵەکەمە...!!!

هەولێر
٢٠٢٠/١٢/٣

دارستانێك لەشیعر

بەجیابوونەوەت
نەمامی وشەم ئاودا
تا نەمام بووبە درەخت و
درەخت لق و پۆپی رستەی گرت و
رستەم بەرستە موتوربە کردو
بووبە هەزاران درەختەڕستە
کە بارانی هزرو
شنەبای خەیاڵیشی بەسەراهات
بوون بەدرەختی شیعر
ئێستا من دارستانێکم لەشیعر....!

هەولێر
٢٠٢٠/١٢/١٧

هاوەڵناو

لەوەتەی هەم
بوومەتە دیارخەری ناوت و
هەمیشە وەسفی تۆ دەکەم
جا مامۆستایانی کوردی و
زمانناسانی دنیا...
با هەر بۆ خۆیان
رێزمانم وەکو لۆکە بۆ شیبکەنەوە
بن بەرد بن بەردی زمان بپشکنن
گەردوونم بۆ پڕکەن لەبیردۆزو سەلمێنراو
لای من...
(عیسا) هاوەڵناوە... نەك ناو...!

هەولێر
٢٠٢١/٣/٤

ئامرازی دانەپاڵ

بیرتە لەناو دڵی تاریکیا
بەئاوێتەبوونی جەستەمان
دنیا دەبووە چراخان و
بۆ یەکتری دادەگیرساین...!
ترسمان هەبوو
تۆ نەبیتە هی من و
من نەبمە هی تۆ
ئاخر... لەنێوانی من و تۆدا
(ی) یەکی دانەپاڵ کەم بوو
ئەوساو ئێستاش
خوا پێی نەداین....!

هەولێر
٢٠٢١/٣/١١

ئەو

ئەو... بکەر نادیارە بۆ ئایندەیەکی تاریك
ئەو... کاری ناتەواوی عەشقە
ئەو... هاوەڵناوەو نەبووە
تەواوکەری ئەوینێکی ناتەواوە
ئەو... ناوە .. مێیە .. ناسراوە .. تاکەو
یەکسانیشە بەهەموو گۆی زەوی
بمبورن ماموّستایانی کوردی
ئێوە هەربڵێن و دنیاش بێننە گۆ..!
ئەو... جێناوی لکاوە بە پیاوێکی دەبەنگەوە
نەك جێناوی کەسیی سەربەخۆ...!

هەولێر
٢٠٢١/٣/١٨

هەر لە یاد

دوای تۆ.....
گەرووم بووبە جۆگەلەی مەی
سەفەرم بۆ ئەوپەڕی دنیا کرد
سییەکانم کردە کورخانی جگەرە
پەنجەکانم بوونە تیمێکی شاخەوانی و
هەر رۆژەو بەسەر شاخی سینەیەکدا سەرکەوتن
هەر جارەو پیاسەم بەراستەشەقامێکی
جەستەیەکا کرد
سەدان باوەشم کردە هێلانە بۆ باڵندەی سەرم
دڵم فۆرمات کردەوەو
هەست و سۆزم گەسك دا
کەچی ئەمانە هیچیان...
هیچیان تۆیان لەبیر نەبردمەوە...!!

سلێمانی
٢٠٢١/٣/٢٦

هەستی شەشەم

تۆ لەوێ...
وردە خەمێك میوانت بێ
من لێرە...
دڵەکوتێ دەمگرێ
تۆ لەوێ...
تەنها هەست بەبێتاقەتیی بکەی
من لێرە...
سییەکانم قەدەغەی هاتوچۆ رادەگەیەنن و
هەناسەم کەرەنتینە دەکرێ
تۆ لەوێ...
قاچێکت تۆزێ هەڵخلیسکێ
من لێرە...
کاسەسەرم بەر زەوی دەکەوێ
تۆ لەوێ...

دڵۆپە فرمێسکێ بڕێژی
من لێرە...
دوو کانی لەچاوەکانما دەتەقێ
تۆ لەوێ...
شنەیەك یاری بەتاڵە قژێکت بکا
من لێرە...
ڕەشەبایەك لەڕەگەوە دەمهەژێنێ
ئاخر ناسکەژن عەشقی تۆ
دنیای لێ بچووك بچووك کردوومەتەوەو
سەرتاپام بۆتە هەستی شەشەم...!!!

هەولێر
٢٠٢١/٤/٨

نامە

کاتی خۆی
نامەیەکی چەند وشەیی تۆم
لەناو لاپەڕەکانی کتێبێکا
حەشاردابوو
ئەمڕۆ...
چاوێکم بەکتێبخانەکەما گێڕا
دۆزیمەوە... نامە نەمابوو
بووبوو بەڕۆمان...!!!.

هەولێر
٢٠٢١/٤/١٥

دەریا

دوێنێ...
تۆزێ .. هەر تەنها تۆزێ
قاچەکانت خستە (کانی)یەکەوە
ئەمڕۆ...
ئەو کانییە
خۆی بەدەریا دەزانێ...!!

هەولێر
٢٠٢١/٤/٢٢

باوەش

باڵندەو چیمەن و گەڵای وەریو
نەرم نەرم کەوتنە سەما
شنە گەردەلوولی راوناو
رەشەبا ئاشتی لەگەڵ دارستانا مۆرکرد
هەر درەختەو عاشقی
درەختێکی تری دراوسێی بوو
هەر لق و پۆپ بوو
چوون بەناو یەکترا
لەو کاتەدا بوو...
کە تۆ لەناو گوڵزاری باخەکەدا
توند توند باوەشت پیاکردم...!!

هەولێر
٢٠٢١/٤/٣٠

قەسیدە

شیعرێکی کورتی چەند وشەییم بۆ تۆ نووسی
بەر لەوەی بۆت بنێرم
لەکاغەزێکدا ونم کرد
دوای چەندین ساڵ
ئەمڕۆ.... کەدۆزیمەوە
هەر پیت بوو
بووبوو بەسەدان پیتی تر...!
هەر وشەبوو
بووبوو بە سەدان وشەی تر...!
هەر رستەبوو
بووبوو بە سەدان رستەی تر...!
هەر دێر بوو
بوو بوو بە سەدان دێری تر..!

ئەم چەند وشەیە
لەگەڵ عەشقی تۆدا باڵایان کردبوو
لەگەڵ خەمەکانی منا گەورە بووبوون
ئێستا بوونەتە قەسیدەیەکی درێژ درێژ
لەدووری نێوانیشمان درێژتر
قەسیدەیەك...
بەقەد تۆ جوان و
بەقەد هەستەکانی من ناسك...!!

هەولێر

٢٠٢١/٥/١٣

لایك

شیعرێکم بۆ ئەو عەزیزی دڵەم نووسی و
لێرە... لەفەیسبووکەکەم پۆستم کرد
کە لایکی کرد...
هەر ئەم شیعرە
دێرەکانی بوون بە ئینجانەو
وشەکانی بەگوڵ و
پیتەکانیشی بە پەپوولە...!!.

هەولێر
٢٠٢١/٥/٢٧

بەهار

لەقرچەی گەرمای تاقەتپروکێنی هاوینا
لەناو دڵی خەزان و
دنیای زەردهەڵگەڕاوی پایزا
لەسەهۆڵبەندان و
سەرمای سەختی زستانا
تۆ...
بەهەر ڕێگەو سەرەکۆڵان و جادەو شەقام و
گەڕەك و شارو
کێو و دەشت و دەرو
هەتا بەبیابانیشا بڕۆی
سەرتاپای دەبێتە سەوزایی.. !
نەرمەژن...
وەرزەکانت لێ تێکداوم
سەرت لەمن و لەپەپوولەش شێواندووە...!!

سلێمانی
٢٠٢١/٦/١

دوو

گەر خۆڕەتاو بوو
ئامان نەکەی بێیتە دەرەوە
گەر مانگەشەویش بوو
ئامان هەر نەکەی بێیتە دەرەوە
با خەڵك لێیان تێکنەچێ و
گەردوون سەری لێنەشێوێ و
مەلاش قیبلەی لێ ون نەبێ
ئاخر... مەعقوولە
بەرۆژ دوو خۆر بەدەرەوەبێ و
بەشەویش دوو مانگ...!!!!

هەولێر
٢٠٢١/٦/١٠

وشە

وتت شیعرێکم بۆ بنووسە
شەو هەرچی وشەی ناسکی
ناو فەرهەنگەکان هەبوو
من دەڵێم هەزار
ئێوە بڵێن ملیۆنێ وشە.. !
وەکو شارە مێرووڵە
لەبەر دەمما لەئامادەباشیا بوون
لەنووکی قەڵەمە شیقەرەکەم ئاڵابوون
شەڕیان بوو
تا شەرەفی ئەوەیان بەرکەوێ
بکەونە چوارچێوەی ئەم شیعرەوە...!!

هەولێر
٢٠٢١/٦/١٧

ئەجەل

بۆ ئەوەی هەرگیز لێی نەترسم
بۆ ئەوەی فەرشی سووری بۆ راخەم
بۆ ئەوەی پێشوازییەکی شایستەی لێبکەم
بۆ ئەوەی لەوپەڕی خۆشحاڵیی دابم
بۆ ئەوەی لەو لەحزەیە بەهەشت بێتە بەرچاوم
بۆ ئەوەی بەدڵخۆشییەوە
تەوقە لەگەڵ مەرگ بکەم
بۆ ئەوەی بەزەردەخەنەوە دواجار چاولێك بنێم
بە مردنم وتووە
ئەوکاتە وەرە
کە لەگەڵ ئەو شۆڕەژنە
توند توند لەباوەشی یەکترابووین...! !

هەولێر
٢٠٢١/٦/٢٤

هەڕەشەی درەختێك

دوای ژوانەکەی دوێنێ شەومان لەپارکەکە
درەختێك پەیامی بەپەپوولەیەك بۆ ناردم
کە هەموو
دەنگ و...
قسەو...
ماچ و...
تێکئاڵان و...
دەستبازییەکانی ئێمەی لایە
گەر شیعرێك بۆ
قامەتی بەرزی و
هەمیشە سەوزی گەڵاکانی و
خۆڕاگری بەرامبەر بەڕەشەبا نەنووسم
کۆتری ماچەکانمان بەڕەڵا دەکاو

دەنگمان دەگەیەنێتە قوبەی ئاسمان و
جارِی عەشقمان بەدارستانا دەداو
کوچەو کۆڵانەکانی شار پڕ دەکات
لەپۆستەری پیاسەی پەنجەکانی من
بەسینگ و بەرۆکی رووتی تۆو
شانۆی ئاوێزانبوونی هەناسەمان
نمایشی دنیا دەکا
بۆیە ئەمڕۆ بەناچاریی شیعرێکم
بۆ ئەو درەختە سیخورە نووسی...!!!

هەولێر
٢٠٢١/٧/١

بەهەشت

کە ئەمڕۆ هاتیتە لام و
باوەشت بۆم کردەوە
لێوم بووبە باڵندەیەکی برسی و
دەنووکی دا لەروومەتت
ژوورەکەم پڕ بوو
لە پەپوولەی هەڵفڕیووی ماچ
لە عەتری هەناسەت
لە هەنگوینی لەزەت
لە گوڵدانی عەشق
تۆ ئاگەداریت لەگەڵ خۆتا
بۆ چەند ساتێ بەهەشتت
بە ملیۆنان حۆری و
رووبارەکانی (شەرابەن تەهورا)
هێنایە ژوورەکەم...!!

هەولێر
٢٠٢١/٧/٧

بۆ عەلی مەردان

دەنگێك وەكو گەردەلوولێكی لەناكاو
لەهەناویا
هەرچی هەست و
هەرچی سۆز هەبوو
لەگەڵ خۆیا باری كردبوو
لە(بەرتەكیە)ی كەركووكەوە
بۆ حوجرە هەژارانەكەی(لەیلان)
لەوێشەوە...
بەشنەی قورگی (خدر بارام چاوەش)ەوە
نەمامی دەنگی باڵای كردو
بەرز بەرز بۆوە بۆ قوبەی ئاسمانی گۆرانی
دەنگێك شارەزای ماڵ بەماڵی مەقامات
بەلەد بەكۆڵانەكانی قەتارو ئەڵلاوەیسی

لە(مورتەزاخانی ئەسفەهانی)یشەوە
بن بەرد بن بەردی مەقامەکانی
(ماهور)و(دەشت)و(شووشتەر) گەڕا
تا لەمناڵدانی قورگە پڕ ئاوازەکەی
(هیجران) لەدایکبوو
کە بووبە مامۆستای مەقاماتیش
تۆێشووی پڕ پڕ بوو لەگۆرانی و
کێوێك لەئاوازو
پێدەشتێك لەنەغمەو
قەڵایەك لەریتم
شەرتیشی کردبوو تا رۆژی حەشر
هەر چاوی یار و گۆرانی
خولیای ئەوبێ و
ئەو دووانەی
هەر لەخەیاڵ و لەبەرچاو بێ و
هەر بەتەنها خۆی و عوودەکەی
کۆڵان بەکۆڵان
جادە بەجادە

بەدوایان وێڵ بێ
سەوت و سەوادە
جگە لە یار
گۆرانی بۆی ماڵیی بوو
ئاخر...
(گوڵەباغ)ی شەدەشل بۆچ وای کرد
(فاتیمە)ی چاوبەکل بۆچ وای کرد
ئەی سەدجار پێی نەوت-:
کراس کووەدەری ئاوریشم
با بەس ئاخت بۆ هەڵکێشم
هەزار جار پێی نەوت-:
گیانە بەسیەتی
دەردو مەینەتی ..
گیانە بەسیەتی
ملیۆن جار پێی نەوت-:
قەستەم دەخۆم...
ژەهریش بەدەستی تۆبێ دەیخۆم

کەچی ئەو
نازانم کێی گرتبوو بەیار
مەیلی ئەوی لێ تار کردین
ئێستاش هەوری رۆحی ئەم بلیمەتە
هەر بەسەر گەزە ئاسمانی (صالحية) و
رادیۆی کوردی بەغداوەیەو
لاناچێ و ناچێ...!!!

هەولێر
٢٠٢١/٨/٥

رابردوو

بەردەوام...
رابردوو سەردانم دەکا
بەیەکەوە پیاسەیەك
بەجادەکانی منالّی و
بەکۆلّانەکانی هەرزەکاریی و
بەپێدەشتەکانی گەنجیدا دەکەین
دەمباتەوە
گەڕەکی خەیاڵ و
راستەشەقامی عەشق و
نهۆم بەنهۆمی ئاپارتمانی یادەوەریی
هەندێ جاریش
کە دێ خولیای پیاسەو گەڕانی نییە
لەکاغەزێکی بێ حەوسەڵەو

لە قەڵەمێکی بێتاقەت دەچێ
بۆ نووسینی
وشەی غەمبارو
رستەی غەمبارو
شیعری غەمبار
ئاخر... من چیبکەم
گیرفانەکانی رابردوو
پڕیەتی لەنوقڵانەی تاڵ تاڵی غەم..!

هەولێر
٢٠٢١/٨/١٢

. بۆنی قژ

ئەدرەسی تۆم
خستە گیرفانی شنەبایەك و
رامسپارد بۆنی قژی تۆم بۆ بێنێ
کە گەڕایەوە
شنە نەمابوو
بووبوو بەڕەشەبایەکی سەرخۆش
دەتوت غەرقی دەریایەك شەراب بووە
لەرووباری عەرەقدا مەلەی کردووە
بەلادا دەهات و
شەڕی بەدرەخت دەفرۆشت و
وڕێنەی شیعر نووسینی دەکردو
وەکو من بووبوو بەعاشق...!!!

هەولێر
٢٠٢١/٨/١٩

عەینەك

كەعەینەك دەخەمە چاومەوە
نیشانەی بەتەمەن رۆچوون و
كزبوونی سۆماكان و
كەوتنە نێو چاڵی پیریی نییە
شۆڕەژن
لەئاست قامەتی بەرزو
قورسایی جوانی و
گەورەیی تۆ
گۆی زەوی بەقەد هەڵماتێكی لێهاتووەو
دنیا بچووك بچووك بۆتەوە...!!!

هەولێر
٢٠٢١/٨/٢٦

قایشی خۆبەستنەوە

سویچ و
دەشبووڵ و
گێڕو
سوکان و
ئاوێنەو
بڕێك و
ستۆپ و
رادیۆو
ریکۆردەرو
باقی ئامێرو شتەکانی تری ناو سەیارەکەت
وەکو من
ئیرەیی بەقایشی خۆبەستنەوە دەبەن
کەوەکو مار لەسینگ و کەمەرت دەئاڵێ ..!!

هەولێر
٢٠٢١/٩/٩

شەهیدانە

پەنجەکانم یەك لەدوای یەك
لەکاتی هێرش بردن
بۆ رزگارکردنی گردە داگیرکراوەکانی سینگدا
بەلوغمی مەمك لەناوچوون
ئێستا دەستەکانم
خاوەنی (دە) شەهیدی سەنگەرن
کەچی....
نەموچەو
نەخانەنشینی و
نەلەلیستی شەهیدانیشدا هەن...!!!!

هەولێر
٢٠٢١/٩/٣٠

کۆیلە

نە ئایین و
نە ئایدیۆلۆژیاو
نە حزب و
نە عەشیرەت و
نە بنەماڵە و
نە سامان
نەیانتوانی دەستەمۆم کەن
نەیانتوانی قەڵای هزرم داگیرکەن و
دەرگەی زمانم قفڵ دەن و
تەمی بیرکردنەوەم بڕەوێننەوە و
رێگەی ئازادیم لێبگرن..
یان لەبۆتەی خۆیان بمتوێنەوە وەکو مۆم
کەچی سەلارەژن...

لەوەتەی تۆم ناسیوە
کۆیلەیەکی عەیار بیست و چواری
عەشقی تۆم...!!!

سلێمانی
٢٠٢١/١١/٨

سەربردە

قەڵەمێك بۆی گێڕامەوە
كە سیاسییەك...
نەخشەی وێرانبوونی وڵاتی پێ كێشاوە
سەركردەیەك...
فرۆشتنی نیشتمانی پێ ئیمزا كردووە
دادوەرێك...
بە تەوجیهاتی حیزب
لائیحەی حوكمی ئازادیخوازان و بێتاوانانی
پێ نووسیوە
كەچی شاعیرێك...
خۆری ئازادی و عەشقی پێ نەخشاندووەو
باڵەخانەیەك لەوشەو
پێدەشتێك لەهەست و

رووبارێك لەسۆزو
چەمێك لەخەیاڵ و
دەریایەك لەجوانی پێ نووسیوەتەوە...!

هەولێر
٢٠٢١/١٢/٢

بەغداد مۆڵ

لەگەڵ هەر (نێرگیلە) کێشانێکا
رۆحی من
بەنێو سییەکانتا پیاسەی دەکرد
دووکەڵی سووتاوی عەشق بوو
بووبوو بەچەتری ئاسمانی (کافێ)کە
بەس تیچاوێکت
هەم گەورەترین بوومەلەرزە و
هەم بەغداد مۆڵت لێکردم بەگوڵزاری ئیرەم و
حارسییە بەنیوەی فیردەوس و
جادرییەش بەنیوەکەی تر..!
تێناگەم...
کە لەنێوان کەرخ و رەسافەدا
دێیت و دەچیت

چۆن پردی جەمهوری
بەرگەی ئەم هەموو قورسایی جوانییەت دەگرێ و
دیجله نابێ بە قەسیدەیەکی درێژ درێژ و
بالندەکانی ئاسمانیش نابن بەپەیکەر و
دارخورماش نابێ بەجوانترین داری دنیا!..
تێناگەم....

بەغدا
٢٠٢١/١٢/١٦

گومان

دەڵێی فریشتەیت و
لەیەکێك لەشەوەکانی قەدرا
دابەزیویت و
نەگەڕایتەوە بۆ ئاسمان
بۆیە کە دێیتە بەردەمم
زمانی قەڵەم دەشکێ و
چاوی وشە کوێر دەبێ و
گیرفانی شیعر خاڵی خاڵی دەبێتەوەو
باڵای گومان دەگاتە کەشکەڵانی فەلەك
چۆن گومان لەبوون...
گومان لەدەوروبەر...
گومان لەخۆیشم نەکەم...
تۆ هەموو بیردۆزەکانی

سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤت لێ ئاوەژوو کردووم
بەبۆچوونە زانستییەکەی (داروین)یشەوە
ئاخر مەعقوولە
ئەم هەموو جوانییەی تۆ
لەبنەڕەتاو
لەئەسڵ و نەسڵی مەیموون بێ...!!

هەولێر
٢٠٢٢/٥/٥

مەلائیکەت

وا باوە تەنها
لەشەوی قەدردا مەلائیکەتەکان لەئاسمانەوە
کاروان کاروان دێنە خوارێ و
زەمین پڕاوپڕ دەکەن لەنووری خوا
کەچی ئەزیزی دڵ...
من...
هەموو رۆژێ و
هەموو کاتێ
تۆ لەسەر زەوی و
لەم هەولێرەدا دەبینم...!!!

هەولێر
٢٠٢٢/٥/١٢

ژنێك لەمانگ دەچێ

كە مانگ ونبوو
بۆی مەگەڕین
ئەو وا لێرەیە
جار جارە كە بەلایدا تێدەپەڕێ
گۆیژە بۆی لار دەبێتەوەو
ئەزمڕ دەست لەسەر سینگ بۆی دەوەستێ
لەبەردەم باغی شار
گوڵ خۆپیشاندان و
پەپوولە سەمای بۆ دەكا
بۆی مەگەڕێن
مانگ لێرەیە
جار جارە لەسەرچنار دەیبینم
دارچنارەكان رەشەبەڵەكی بۆ دەبەستن

بۆی مەگەڕێن
مانگ لێرەیە
ئەی نابینن
ئەم شارە تادێ جوانترو جوانتر دەبێ
بۆ بینینی
ساڵێ چەند جار بەفر سەردانی دەکاو
من و رەشەباش ئێرەمان کردۆتە کاروانسەرا
ئاخر
مانگ لێرەیە لەسلێمانی...!!!

سلێمانی
٢٠٢٢/٥/٢٧

داگیرکردن

ماوەیەکە ژنێك
نەرمەبای هزرو
ئاسۆی بیرو
پێدەشتی کاغەزو
باڵای قەڵەم و
کانیاوی وشەو
دوورگەی دڵ و
کزەبا ساردەکانی هەناسەو
تووڵەڕێیەکانی دێی رستەو
کۆڵانەکانی گەرەکی نەست و
شەقام بەشەقامی شاری هەست و
هەورازو نشێوەکانی مەملەکەتی جەستەو
سەرتاپای وڵاتی شیعری

لێ داگیرکردووم
ئاڵای سپی تەسلیمبوونم هەڵداوە
من ئێستا خاوەنی خۆم نیم...!!

سلێمانی
٢٠٢٢/٦/١٤

دوو ناو

دوێنێ...
لەبناری گۆیژە
مسوودەی شیعرێکی تەواونەکراوم
لەژێر نەمامێك فڕێ دا
ئەمڕۆ...
رێگەم کەوتەوە لای
نەمام نەمابوو
بووبوو بەدارێکی پتەوو بەرزی قەسیدە
لقەکانی بەرستەو
گەڵاکانیشی بەوشە
بۆنی عەشق و رۆمانسییەتی دەدا
بەو دامێنەو
بەگەڕەکەکانی تووی مەلیك و برایم پاشاو

تەواوی شار
لەناوەراستی قەدەکەشیا
دوو ناو...
یەکیان (عیسا)و
ئەوەی تریشیان (.....) هەڵکەنرابوو...!!!

سلێمانی
٢٠٢٢/٦/٢١

خولانەوە

تۆو خۆر
من و زەوی
چەند لەیەکتر دەچین...!!
لەوەتەی کەون هەیە
زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە
منیش بەدەوری تۆ...!!

هەولێر
٢٠٢٢/٧/٧

تێکەڵکردن

نازانم...
نە من پیربووم و
زەینم کوێربووە
نە تۆ رەنگەکانت لێ تێکەڵ کردووم
عەشقت ساوای کردوومەتەوەو
خۆشەویستیت تێکیداوم
لەرۆژدا
تۆو خۆرو
لەشەویشدا
تۆو مانگم بۆ جیاناکرێتەوە .. نا...!!!

هەولێر
٢٠٢٢/٧/١٤

دڵێکی ماندوو

(پێشکەشەبە گیانی هونەرمەندی فۆتۆگرافەر راجۆ زرار)

هاوڕێ...
لەچرکەیەکدا کاتت رادەگرت و
سروشت و جوولەت وێنا دەکرد
بەلەتێك دڵەوە
باکت بەرێگەی سەخت نەبوو
بەلەتێك دڵەوە
باکت بەو هەموو عەشقەوە نەبوو
لە وڵاتی ناشیرینانەوە
ئەو هەموو جوانییەت لەکوێ هێنابوو..!
لەولاتی بێهیوایانەوە
باڵای وڕەی تۆ لەهەورابوو
هاوڕێ...

بیری کامێراکەت ناکەی...!!
بیری جادەی کۆنە دادگە و
چاکەی چایخانەی کۆلانی کۆنە تەجنیدو
بیری دار زەیتوونەکەی
بەردەم دوکانەکەت ناکەی...!!
هەموو تەمەنت لەگەڵی بەرێکرد
بیری وێنە جوان و
خەماوییەکانی ستۆدیۆ شەهرەزاد ناکەی...!!
لەچرکەیەکدا جوولەی تەیرت دەوەستاند
بیری تەیرەکانی تەیراوەش ناکەی...!!
هاوڕێم...
پیاوە جوانەکەی ژێر قەڵا
بەدڵە هیلاکەکەتەوە وەرەوە
پیاسەیەك بەگەڕەکەکانی شار بکەو
بەدەم وتنەوەی شیعرێکی من و
گۆرانی کۆڵان بەکۆلان جادە بەجادەی
عەلی مەردان

لەچاوی کامێراکەتەوە
بۆ دواجار هەموو هەولێر ئەرشیفکە
هاوڕێم بەس ئەمجارە وەرەوە...!!!

هەولێر
٢٠٢٢/٧/٢١

. لەو دنیا

رووبارەکانی شەرابی تەهوورو
باغە ئەفسانەییەکانی سێوو هەرمێ و لیمۆو
کانییە سازگارەکانی شیرو
چەمە قوولّەکانی هەنگوین و
شاخە سەختەکانی تاقەت و
مێرگە دڵڕفێنەکانی گەنجێتی و
هەرچی هەیەو نییە
بەحەفتا حۆرییەکانیشەوە بۆ خۆتان
خودایە..
بەس تەنها دوو ژنم بەنەوە
کەنەمتوانی لێرە
نە تێر بۆنیانکەم و
نە تێر لەباوەشیانِ بخەوم

یەکیان دایکم
کەخوێنی بارگاوی کردم
بەهەست و سۆزو بەزەیی...!!!
ئەویتریشیان ئەو شۆڕەژنەی
کەمودمین بەعەشقی خۆی کردم و
سەرتاپای گیانی کردمە شیعر...!!!

هەولێر
٢٠٢٢/٨/١١

وەسییەت

ئەگەر مردم وەسییەت بێ
ئەوەی هەمەو نیمە
هەر لە-:
رووبارێك هەست و
شارە مێرووولەیەك وشەو
شاخێك سۆزو
هێندەی گۆی زەوی خەیاڵ و
باڵەخانەیەك عەشق و
دەریایەك شیعرو
ئاپارتمانێك ئومێدو
هەموو رابردوو و داهاتوو و
سەرتاپای دڵم
لای ئەو شەکرەژنەیە...!!!
تکایە وەسییەت بێ

یەریڤان/ئەرمینیا
٢٠٢٢/٨/١٨

خۆرگیران

ئەمڕۆ...
کەتۆ هاتیتە دەرەوە
گەردوون سەری لێشێوا
مانگ رێی هەڵە کردو
خۆریش گیرا
ئاخر... هاوکێشەی فەلەك
هەڵە قەبووڵ ناکا
ناکرێ بەرۆژ
دوو خۆر بەدەرەوەبێ!!!

هەولێر
٢٠٢٢/١٠/٢٥

بارگاوی بوون

نەك هەر لە وڵاتە داگیرکراوەکەی دڵم
بەڵکو...
پانتایی خەیاڵ و خەونم
ئاسۆی بەرفراوانی بیرم
دانە دانە خڕۆکە سپی و سوورەکانی خوینم
قوڵایی چاوم
تاڵ تاڵی مووەکانی سەرو ڕیشم
شنەبای کۆڵانە تەنگەبەرەکانی هەناسەم
پێدەشتی سییەکانم
وردو درشتی ئێسقانەکانی لەشم
مەلایین خانەی جەستەم
بارگاوییە بە عەشقی تۆ...!!

هەولێر
٢٠٢٢/١١/١٧

بەفر

سروشت..
سەد هێندەی تر
گیرفانی هەور پڕاوپڕ کات لەبەفر
سەد هێندەی تر
زەوی سپیرێژ کات و
هەموو رەنگەکانی تر بخاتە لیستی شەهیدانەوە
با هەر بۆ خۆی ئەم زەمینە
بە بەفر ماکیاژکات
ئازیزی دڵ
هێشتا ناگا
بەنەرمی و
بەناسکی و
بەسپێتی و
بەجوانی تۆ...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/١/١٢

سپی بوون

بیرتە...
لەرۆژێکی ساردی تەمومژاویدا
لەپەنا درەختێکی شەرمنی دەباشان
دوگمەکانی یەخەت
بۆ پەنجە بزێوەکانم کردەوەو
لەنێو زیندانی سوخمەدا
جووتە کۆترەکەت هێنایە دەرێ...!!
لەوکاتەدا...
ئەزمرِ ئیرەیی پێ بردیت و
بەپەلە بانگی بەفری کرد
تا ئەویش لوتکەو بەرزاییەکانی
وەکو سینەت سپی سپی هەڵگرێ...!!

هەولێر
٢٠٢٣/٢/٢

گەڕەکەکەی ئێوە

تۆ لەهەر کوێ بیت
ئاوەدانیی میوان و
شنەبا خانەخوێ و
بەهار بەتەمەنترین وەرزو
باران ماچی زەوی دەکا...!!!
تۆ لەهەر کوێ بیت
ئاشتی خاوەن ماڵەو
پەپوولە عەترپرژێن و
سەربان دەبێتە ئینجانەو
نەمام چرۆ و
شار بەگوڵ سکپڕ دەبێ...!!!
تۆ لەهەر کوێ بیت
وڵات و

بازاڕو
قەرەباڵغی و
چەقی زەمین لەوێیە...!!!
لەوەتەی هەین
ماموّستا درۆمان لەگەڵ دەکا
هەر گۆی زەوی و
نەخشەی جیهان و
بۆشایی گەردوونمان پێ دەناسێنێ
دەنا کەس هەیە نەزانێ
جوگرافیا سەرتاپای بریتییە-:
لەگەڕەکەکەی ئێوە...! !!

هەولێر
٢٠٢٣/٢/٢٣

شیکردنەوە

زمانناسانی دنیاو
ماموّستایانی کوردی
رەخنەباران و
زمانبەدەریشم کەن
لەهەر رستەیەکدا ناوی تۆ ببینم
جێناوی لکاوە بەپیاوێکی گەمژەوە...!
لەهەر رستەیەکدا ناوی خۆم ببینم
هاوەڵناوەو دیارخەری تۆیە...!
لەهەر رستەیەکدا ناوی مێردەکەت ببینم
تەواو(کەر)ە...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/٣/٢

شۆڕش

تا گردە داگیرکراوەکانی سینگ و
شنەی ساردی هەناسەو
بست بە بستی پێدەشتی خەیاڵ و
دێ بەدێی خولیاو
کۆڵان بەکۆڵانی خەون و
شار بەشاری خۆزگەو
سەرتاپای وڵاتی جەستەت
ئازاد نەکەن...
واز لە شۆرش و راپەڕین
ناهێنن...
پێشمەرگەی پەنجەکانم...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/٣/٩

ناوی تۆ

ناوەکەت چەند پیتێکە
کورت کورت
لەرۆژە خۆشەکانیشم کورتتر
کەچی...
لەهەر شوێنێ
لەتابلۆی سەر دوکانێك
لەکوچەو کۆڵانی رستەیەك
لەسارای فراوانی رۆمانێك
لە خەیاڵی بێ مەرزی چیرۆکێك
لە ماڵی دێرە شیعرێك
لەنێوان هەزاران وشەی کتێبێك
ناوی تۆ ببینم
یا ببیستم...

هەر ئەو چەند پیتە
رۆمانێکە درێژ درێژ
لەروویاری (نیل)و
لە(هێڵی ئاسنی ئەورۆپا)و
لەرۆژە تەنگ و
لەشەوە خەمناك و
لەمەودای خەونەکانم و
تەنانەت...
لەدووری نێوانیشمان درێژترە...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/٣/١٦

لەچك

بەم لەچکەوە..
نیوەی گەردوونت شاردۆتەوەو
نیوەی بەهەشتت داگیرکردووە
بەم لەچکەشەوە
روخسارت شەڕ لەگەڵ پەرییەکانی نەعیم دەکا
بەم لەچکەوە
کە دێیتە دەرەوە
مانگ دەگیرێ و
خۆر دەچێتەوە پەنا هەورو
ئاسمانیش بەباران سکپڕ دەبێ
بەم لەچکە پڕتەقاڵییەوە
کە دەچیتە دەوام
خوێندنگەکەت سەرتاپا دەبێ باغ و

خوێندکارەکانیشت بەپرتەقاڵ...!!!
هەر بەم لەچکەشەوە
من و نیوەی دنیات سووتاندووە
ئامان .. دایمەکەنە
با نیوەکەی تریش نەسووتێ...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/٣/٣٠

شۆڕشی شیعر

تا هەردوو گردەکەی سینگت
داگیرکراوبن
من...
شۆڕشی شیعرم توندو توندتر دەبێ
تا وڵاتی جەستەت
ژێردەستە بێ
من...
رووباری وشەم
درێژ درێژ
لەدیجلەو فوراتیش درێژتر دەبێ...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/٤/٦

باوەشی تۆ

نەساردەو
نەگەرم
هەر چوار وەرزەکەی بەهارە
بەردەوام گیاو گوڵ باڵا دەکەن
لەگوڵزاری ئیرەم دەکا...!
ئارام ئارام
وەکو خەولێکەوتنی پەپوولەیەك
دوور لەهەڕەشەی رەشەبا...!
هێمن هیمن
لەبەیانییەکی فێنکی نیسان دەچێ...!
بۆنی میسك و عەنبەرو
بۆنی فیردەوسی ئەعلای لێدێ...!
خۆش خۆش

وەکو پەنجەرەیەکی کراوەی سەر دەریای ئازادیی
وەکو دارستانێکی چڕی
پڕ لە بولبولی خۆشخوانی عەشق
لەهەموو ئەمانەو
تەنانەت لەبەهەشتیش
فێنکترو
ئارامترو
هێمنترو
خۆشتر
باوەشی تۆیە...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/٧/١٣

چاوەڕوانی

شەو...
نزیك (فەلەکی مادەر)
لە(خیابانی ئاهندووست)
لەنهۆمی یازدەهەمی ئاپارتمانی (ئەندیشە)
چاوەڕێی تۆو شیعر بووم
تاریکیی دەستلەملانێی رووناکیی و
شەو دانە دانە ئەستێرەکانی پێچایەوە و
خۆی تەسلیمی بەیانیی کرد
سروشت بەتیشکەکانی خۆر بارگاوی بوو
گزنگیش لەپەنجەرەوە
بەیانی باشی لەهەموو مالێك کردو
خامۆشیی شاری شکاند
من...

هەر چاو... لە... رێ...!!!
کەچی....
نەتۆ هاتی و
نەشیعریش...! !!

ورمێ
٢٠٢٣/٩/٧

گرپن زۆن

هەر دوێنێ بوو
نیشتمان لەقەندیل دەچوو
باڵای بەقەد باڵای ئاسمان و
سەری لەهەور بەرزترو
لەپاکیزەییدا
بەشێك بوو لەنووری خوا
شاخێك بوو لەورە
دەریایەك بوو لەبەزەیی
تا قوبەی ئاسمان چەتربوو بۆ هەژاران
تا کەشکەڵانی فەلەکیش ئومێدبوو
هەر بەتەنها خۆی و
جلەخاکییەکەی بەری و
کاسکێتە زەیتوونییەکەی سەری و
تفەنگێکی ژەنگاوی و

چەند فیشەکێکی چرووك
بەگژ قولەی قافا دەچوو
لەخاکی شۆڕی مەحاڵدا هیوای دەچاندو
ئایندەبوو بۆ گەنجان و
سۆمابوو بۆ نابینایان و
خوان بوو بۆ هەتیوان
گیرفانیشی پڕپڕبوو لەنوقڵانەی ئازادی
کەچی....
ئەمڕۆ بەیانییەکەی لەئەنقەرە بینیم
بەخۆو لەشکرێك پاسەوان و
قاتی مارکەوە
بەسەری کزی سەرچۆکەوە
سیخوری بەسەر برایەکی تری دەکردو
نیوەی جەستەی خۆی دەفرۆشتە سوڵتان
بۆ ئێوارەکەی لەبەغداش بینیم
هەر بەلەشکرێك پاسەوان و
قاتی مارکەوە
سواڵکەرێکی لاتی گرین زۆن بوو...!!!

هەولێر
٢٠٢٣/١١/١٦

خەون

شەو لەگۆیژە...
سەرم خستە سەر دڵی گاشەبەردێك و خەوتم
تابەیانی...
خەونم... بە بێکەسەوە بینی
لەبەر دەرکی سەرا
شیعری بیست و حەوت ساڵەی بەرامبەر بە ئەدمۆنز
دەخوێندەوە
خەونم... بە پیرەمێردەوە بینی
لە مامەیارە ژوانی لەگەڵ ئاگر هەبوو
خەونم... بەکەریمی عەلەکەوە بینی
یەك یەك هەژاران و برسیانی جەنگی
لەچاڵی مەرگ دەردەهێنا
خەونم... بەقادر کابانەوە بینی

بەدوای گۆڕە ونبووەکەی خۆیا دەگەڕا
خەونم... بەحەمەساڵح دیلانەوە بینی
لەپێش مزگەوتی گەورەی کاك ئەحمەدی شێخ
بەدوای ئاوازێکی تر وێڵبوو
بۆ بەوەلەدبوونی مەقامێك
کە کاڵایەك بێ بۆ باڵای شێخی نەمر
خەونم... بە ئاسۆی دەلاکەوە بینی
هەڵۆئاسا نیشتبووە سەر نەخشەی شار
بۆ بەدۆزەخ گەیاندنی مولازم موحسین
خەونم... بە ئەنوەر قەرەداغییەوە بینی
لە سەردابی ماڵەکەیا
دەست و کەمانی شەڕبوو
بۆ دۆزینەوەی نۆتەی مەشخەڵانێکی تر بۆ شۆڕش
خەونم... بەشێرکۆ بێکەسەوە بینی
ئێستا کچێك بووبوو بەنیشتمانی و
کورسییەکی تری بۆ سلێمانی دەنووسی...
بەش بەشی بۆ درەختەکانی

پارکی ئازادی دەخوێندەوە
خەونم... بەحەمەجەزای حاجی عەلییەوە بینی
پڕ بەدەم هاواری دەکرد هۆ کاکی پێشمەرگە
نیشتمانیان لێ دزین
نیشتمانیان لێ هەراج کردین..
خەونم... بەتۆشەوە بینی
لەجیاتی ئەم دۆزەخستانە
لەجیاتی ئەم خاکە ئەنجن ئەنجن کراوە
سینگ و بەرۆکت بۆ کردبووم بەنیشتمان
ئەی ژن...!!!

سلێمانی
٢٠٢٤/٨/٨

زریکەی عەشق

زریکەی عەشقمان
ڕێگە تاریك و نووتەکەکانی کەشکەڵانی بڕی
بۆ خوانێ لەماڵی ئەستێرەیەك لای نەدا
نایزەکێك نەیتوانی بیسووتێنێ
یان هێزی کێشکردنی زەوی بیوەستێنێ
پرسگەی هەر حەوت تەبەقەی ئاسمانی تێپەڕاند
گەیشتە عەرشی خودا...!!!
کەچی ئەو (خوای گەورە)
نەوەڵامی داینەوەو
نەئیمزای ڕەزامەندی لەسەرکردو
نەنووکە قەڵەمێکی لێدا...!!!

هەولێر
٢٠٢٤/٨/١٥

شیعرێکی ساوا

سەر لەئێوارە
چەند حەرفێکم پێی گرت و
چەند وشەیەکم باڵی لێ روا
بوون بە رەوە باڵندەی رستەو
لەئاسمانی ژووری کتێبخانەکەم
نەخشەی شیعرێکیان بۆ کێشام
شەو درەنگ...
سەرم خستە سەر سینگی
ئەو شیعرە ساوایە تازە لەدایکبووە
تا بەیانی
خەوم بەتۆو
بەسروشت و گوڵ و پەپوولەوە بینی...!!!

هەولێر
٢٠٢٤/٨/٢٢

بێ ناونیشان

تۆ لێرەبیت یاخود لەوێ
نزیك بیت یان دوور
لەوڵات بیت یان لەپشتی دەیان سنوور
وەکو جاران گەنج بیت یان پیر
هەر جوان بیت یان ناشیرین
هەر کچ بیت یان ژن
هەر مامۆستابیت یان خانەنشین
منت لەبیر بێ یان نا
خۆشەویستیت...
لەهەڵگوردو پیرەمەگروون و
لەبەرزترین چیاو
لە باڵای خەمەکانیشم کەڵەگەتترە
دڵنیابە... دڵنیا

تا سڵاوی فریشتەی مەرگ
تا ترازانی رۆح لەجەستە
هەفتەی حەوت رۆژو
ساڵ دوازدە مانگ هەر عاشقتم...!!

هەولێر
٢٠٢٤/٩/١٢

سەرزمێریی

جگە لە من
کێ دەیزانی
تۆ یەکسانی بەهەموو گۆی زەوی!!!
ئەمڕۆ ... کە ئاشکرابوویت
سەرت لەدنیا شێواند و
ژمارەکانت ئاوەژوو و
هاوکێشەی ماتماتیکت تێکدا و
داتاو ئامارەکانت وێران کرد و
گومانت خستە سەرژمێریی
بژمێرەکەش خەریکبوو شێت بێ
هەر تۆی لەئایپادەکە تۆمارکرد
یەکسەر ژمارەی دانیشتوانی عێراق
بوو بە هەشت ملیار کەس!!! ...

هەولێر
٢١/١١/٢٠٢٤

شاعیر لە چەند دێرێکدا

- عیسا حوسێن عەزیز
- لە ١٩٧٥/٢/٣ لە کەرکوك لە دایکبووە.
- لە ساڵی (١٩٩٠)ەوە خەریکی شیعر نووسینە
- یەکەم شیعری دوای راپەڕین لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی تەواو کردووە.
- لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە خەریکی کاری رۆژنامەنووسییەو لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنەکان کاری کردووە (ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە)
- ئەندامی یەکێتی گشتیی ئەدیب و نووسەرانە لە عیراق.
- لە ساڵی (٢٠٠٢ - ٢٠٠٤) ب. کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر بووەو دواتریش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بووە.
- لە ساڵی (١٩٩٧ - ٢٠١٠)ەوە مامۆستای ئامادەیی بووە.

- له (٢٠١٠)ەوە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (پسپۆری)یە
- له (٢٠٢٠)ەوە تا ئێستا سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە.

دیوانە چاپکراوەکانی شاعیر:

- سەفەرەکانی حەرفێك، هەولێر ٢٠٠٩
- باجی تەمەن، هەولێر ٢٠١٠
- مەمکە شیعر، بمکە بە نیشتمانی خۆت، تاران ٢٠١٩
- م ە م ك و ژ ن (مەمکوژن) شیعر، تاران ٢٠٢٥

***

سوپاس و پێزانین

لە دڵەوە سوپاسی برای خۆشەویستم:

- سەید ئارام، دەکەم کە دیزاینی بەرگ و ناوەرۆکەکەی بۆ ئەنجامدام.

îsa Husên

Memkujn



KURDISTAN 2025